# هەناسەی شمشاڵ و تابووتی زێڕین!

سولەیمان فەرشی

هەناسەی شارێک بە گەرووی شمشاڵەکەی مامە قالەدا تێدەپەڕێ، ئەوجا چیرۆکی شاڵی ژین و شەمی تۆیە.

لە کێ زیزبووی، کە وا بە بێدەنگی هاوار دەکەی!
ئەو هەموو چۆلەکەیە، بۆ کام ئاسمان هەڵدەفڕێنی!
بۆ شمشاڵەکەت نادەی بە هەڵۆیەک بیباتە بەرزترین شاخی وڵاتەکەم دایبچێنێ!
خەواڵوو بووی، یان خەم باڵی بە سەردا کێشابووی،
وا گڕمۆڵەبووی لە سەر شەقامی شارەکەم!
پاییز بە رەنگ زەردی، شەرم دەکا لە حاندی تۆ!
ئێستا کە ئاڵاکەمان خۆی لە بن میچی ئاسمان دەخشێنێ،
چۆن دڵیان هات بتهۆوێن لە برسان بکوژن؟
بۆ ئاسمان پێ شێل دەکەن؟
بۆ ئەستێرەکان لە بەر چاوی هەموومان دەکوژن؟
بەسە!
تابووتی زێڕینمان ناوێ!
دەست هەڵگرن، دەست هەڵگرن، دەست هەڵگرن،
زیندوو کوژ بن
و
مردوو پەرەست!

دووی سەرماوزی ساڵی 2705
کۆڵن – ئاڵمان